جێگری سەرۆکی هەرێم : جەخت لە گرنگی پێدانی زیاتری شاری هەڵەبجە دەکەینەوە

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێم لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند: لەم یادەدا جەخت لە گرنگی پێدانی زیاتری شاری هەڵەبجە دەکەینەوە، چونکە خەڵکی ئەم شارە شیاوی خزمەتی زیاترن لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و بەرپێدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانە کە هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییانەی کە لە ناوچەکەدا بەرامبەر گەلی کورد کراوە، لەپێناو ساڕێژبوونی کەمێک لە ئازار و مەینەتییەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

دەقی پەیامەکە:

لە (38)ـەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا، بە شکۆوە ئەم یادە خەمناک و پڕ لە کارەساتەی دژ بە مرۆڤایەتیی و خەڵکی بێتاوانی شارێکی هەمیشە زامدار دەکەینەوە، کە لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە (16ی3ی1988) لە ژێر دەسەڵات و ستەمی ڕژێمێکی دیکتاتۆر، پێنج هەزار ڕۆحی بێتاوان بە

بەرچاوی هەموو جیهان و بەدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بوون بە قوربانی، جگە لە وێرانبوونی شارەکە و برینداربوونی هەزاران کەسی تر، کە بەشێکیان تا ئێستاش بە ئازاری برینەکانیانەوە دەناڵێنن.

لەم یادەدا جەخت لە گرنگی پێدانی زیاتری شاری هەڵەبجە دەکەینەوە، چونکە خەڵکی ئەم شارە شیاوی خزمەتی زیاترن لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و بەرەپێدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانە کە هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال و ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییانەی کە لە ناوچەکەدا بەرامبەر گەلی کورد کراوە، لەپێناو ساڕێژبوونی کەمێک لە ئازار و مەینەتییەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

سڵاو لە کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی کوردستان بێت، یادی شەهیدان هەمیشە لە دڵ و ڕۆحمان بە زیندوویی دەمێنێتەوە، دروود بە گیانی پاکیان.